## سەید حەکیم ئەرکی باڵیۆزی لوبنانی لە پتەوکردنی پەیوەندی دووقۆڵی بەرز دەنرخێنێ و پاڵپشتی عێراقیش بە ئاسایش و سەقامگیری لوبنان دووپات دەکاتەوە

ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 25ی ئەیلول بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز عەلی ئەلحەبحاب باڵیۆزی لوبنان لە عیراق کرد بە بۆنەی تەواوبوونی کاری دیپلۆماسی لە عێراقدا.

لەم دیدارە باسی کارەکانی باڵیۆزکرا لەگەڵ ئەو ئەرکەی ئەنجامی دابوو لە پێناو پتەوکردن و پێشخستنی پەیوەندی دوو قۆڵی عێراق و لوبنان، سەماحەتی ئەو ئەرکانەی بەرز نرخاند و سوپاسی کردو هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی داهاتووی بە خواست.
سەماحەتی سەید حەکیم لەهەمان کاتدا گوتی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری لوبنان لە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکەیە و داوای کرد ئاوارەکان بگەڕێندرێنەوە و شارەکان ئاوەدان بکرێنەوە و زیانلێکەوتوانیش لە دەستدرێژی ئیسرائیلی قەرەبوو بکرێنەوە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز عەلی ئەلحەبحابی باڵیۆز بایەخی وڵاتەکەی بە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ عێراق لە سەرجەم بوارەکان دووپاتکردەوە و ئەوەش ئاسێی هاریکاری فروانتر دەکات و خواستی هەردوو گەلی دەست و براش پێشدەخات،لەهەمان کاتدا هەوەستەکانی عێراقی بە پاڵشتی لوبنان بەرز نرخاند.